ئەی خەڵکینە، هەرکەسێک شتێکی زانی با بیڵێت، وهەرکەسێک نازانێت، با بڵێت: الله أعلم، چونکە بەشێک لە زانست ئەوەیە کاتێک سەبارەت بە شتێک نازانێت بڵێت: (الله أعلم) واتە: (خودا زاناترە)

لە مەسروقەوە دەڵێت: چووین بۆ لای عبداللەی کوڕی مەسعود -ڕەزای خوای لێبێت- ووتی: «ئەی خەڵکینە، هەرکەسێک شتێکی زانی با بیڵێت، وهەرکەسێک نازانێت، با بڵێت: الله أعلم، چونکە بەشێک لە زانست ئەوەیە کاتێک سەبارەت بە شتێک نازانێت بڵێت: (الله أعلم) واتە: (خودا زاناترە)، خوای گەورە بە پێغەمبەرەکەی فەرمووی -صلى الله عليه وسلم- : {قُلْ مَآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُتَكَلِّفِينَ} [ص:86] واتە: {(ئەی موحەممەد -صلى الله عليه وسلم-) بڵێ من هیچ کرێ و پاداشتێك لەسەر گەیاندنی ئەم ئاینە لە ئێوە داوا ناکەم و من لەو کەسانەش نیم کە درۆ هەڵبەستم و زۆر لە خۆم بکەم}».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

مانای فەرمودەکە: ئەگەر مرۆڤ پرسیاری لێکرا سەبارەت بە شتێک کە دەیزانێت، ئەوا با بە خەڵکی بڵێت ونەیشارێتەوە، بەڵام ئەگەر پرسیاری لێکرا سەبارەت بە شتێک کە زانستی سەبارەتی نییە، ئەوا با بڵێت: الله أعلم - خودا زاناترە- وئەرکی ناڕەحەت نەخاتە سەر خۆی بە وەڵامدانەوە سەبارەت بە شتێک کە نایزانێت. (چونکە بەشێک لە زانست ئەوەیە کاتێک سەبارەت بە شتێک نازانێت بڵێت: الله أعلم؛ واتە: خودا زاناترە): واتا نیشانەی زانست وزانین ئەوەیە مرۆڤ سەبارەت بە شتێک کە زانستی سەبارەتی نییە بڵێت: الله أعلم؛ واتە: خودا زاناترە، چونکە ئەوەی ئەمە دەڵێت لە ڕاستیدا زانایە وژیرە چونکە زانیاری هەیە وسەبارەت بە زانست و پلەوپایەی خۆی دەزانێت کە دەربارەی ئەو شتە شارەزا نییە بۆیە دەڵێت: الله أعلم -خودا زاناترە-. ولە گێڕانەوەی (مسلم)دا: (فإنه أعلم لأحدكم أن يقول لما لا يعلم: الله أعلم) واتە: (سوودی وزانستێکی باشترە بۆ یەکێکتان کە سەبارەت بە شتێک کە نایزانێت بڵێت: الله أعلم -خودا زاناترە-) واتا: باشتر وکاملتر وجوانتر ئەوەیە کە مرۆڤ سەبارەت بە شتێک کە نایزانێت بڵێت: الله أعلم - خودا زاناترە-. پاشان ئیبن مەسعود -ڕەزای خوای لێبێت- ئەم ئایەتەی وەکو بەڵگە هێنایەوە: {قُلْ مَآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُتَكَلِّفِينَ} [ص:86] واتە: {(ئەی موحەممەد -صلى الله عليه وسلم-) بڵێ من هیچ کرێ و پاداشتێك لەسەر گەیاندنی ئەم ئاینە لە ئێوە داوا ناکەم و من لەو کەسانەش نیم کە درۆ هەڵبەستم و زۆر لە خۆم بکەم}، واتا داوای هیچ نرخێک ناکەم لە بەرامبەر ئەم پەیامەی بە ئێوەی دەگەیەنم کە پێم بدەن بەڵکو من تەنها ڕێنیشاندەری ئێوەم بەرەو خێر وچاکە وبانگتان دەکەم بۆ لای خوای گەورە -عز وجل-. {وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُتَكَلِّفِينَ} [ص:86] واتە: {ومن لەو کەسانەش نیم کە درۆ هەڵبەستم و زۆر لە خۆم بکەم}؛ واتا من لەو کەسانە نیم کە ناڕەحەتی وقورسی بهێنم بۆ سەر ئێوە لە مەسەلە وبابەتەکاندا یان لەو کەسانە نیم کە بە بێ زانست قسە بکەم. بە کورتی: مرۆڤ نابێت لە خۆیەوە فەتوا بدات؛ مەگەر کەسێکی شیاو بێت، ئەگەر خوای گەورە بیەوێت ئەو کەسە ببێتە ئیمامی خەڵکی وفەتوایان بۆ بدات وڕێنیشاندەریان بێت بەرەو ڕێگای ڕاست ئەوا ئەو کەسە بەو شێوەیە دەبێت، وئەگەر خوای گەورە ویستی لەسەر نەبێت ئەوا بوێربوونی لە فەتواداون هیچ سوودێکی بۆی نابێت وئەمەش دەبێتە تاقیکردنەوە وناڕەحەتی بۆی لە دونیا وقیامەتدا.